Journal of Kurdish Literature
Spring and Summer 2020
Vol. VI, No. 1, Series 9

پژوهشنامه ادبیات کردی
بهــار و تابستــان ۱۳۹۹
سال ٦، شماره ۱، پیاپی ۹

# غەزەلە وەرگێڕدراوەکانی حافز لە تەرازووی شیعرییەتدا

نــاز ئەحمەد سەعید (توێژەری بەرپرس)[1]؛ سدێق ئەورەحمان عەلی[2]

نوع مقاله: مقاله پژوهشی؛ تاریخ دریافت: ۷ فروردین ۱۳۹۹؛ تاریخ پذیرش: ۲٦ شهریور ۱۳۹۹؛ صص ۷۵-۹۸

DOI: https://www.doi.org/10.34785/J013.2020.634

## کورتە

حافزی شیرازی بە یەکێک لە گەورەترین و بەرزترین مامۆستایانی غەزەل لە ئەدەبی فارسیدا دادەنرێت. شیعری ئەو هەمیشە لە سەر دڵانە و هەرکەس بەگوێرەی ویست و خواستی خۆی بە نێو دنیای جوانیی ئەم شاعیرە ناسکخەیاڵەدا گوزەر دەکات. ڕەنگە دنیای پڕکێشمەکێش و دۆخ و هەلومەرجێکی تایبەت لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی سیاسیی ئەودەم کە حافز تێیدا ژیاوە، هەستی ناسک و جوانیناسیی شاعیر ئاوێتەی یەک بووبن و ئەم گەوهەرانەی بۆ ئێمە جێهێشتبێت. جیا لەوەی کە دێتە سەر باسی دنیا و دوارۆژ، دەوترێت حافز قسەی عارفانەی ئاسمانیی هەیە و هەم غەزەلی عاشقانەی دونیایی. ئەم شاعیرە کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر شاعیرانی تەواوی دونیا. بەو پێیەی بەرهەمەکەی وەک شاکارێکی ئەدەبی جیهانی لێی دەڕوانرێ و شاعیرانی کوردیش بەدەر نین لەم کاریگەربوونە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە دەقی غەزەلە وەرگێڕدراوەکانی حافز، کە لە لایەن شاعیری خامەڕەنگینی کوردەوە، وەرگێڕدراوە و لە دووتوێی دیوانی *تافگەی ئەوین*-ی عومەری ساڵحی ساحێب (کۆلیل) بڵاوکراونەتەوە، بە تەرازووی شیعرییەت (پۆیەتیکا)وە بخاتە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوە. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەمان وەسفی-شیکارانەیە کە لە دەستپێکدا باس لە وەرگێران و بنەما و ڕێگاکانی وەرگێران و پاشان دروستی و نادروستی وەرگێرانی شیعر کراوە. پاشان چەند غەزەلێک بە نموونە لەو وەرگێڕانە وەرگیراوە و لە ڕووی کێش، سەروا، زمان، ڕەوانبێژی، لادانی شیعری و هەموو ئەو تەکنیکانەی کە شیعرییەت و پۆیەتیکای شیعربیان پێ بەهێزدەبێت، هەڵسەنگێنراون. لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکە بە چەند خاڵێک دەستنیشان کراوە.

**وشەگەلی سەرەکی:** حافزی شیرازی؛ وەرگێران؛ شیعرییەت؛ لادانی شیعری؛ کۆلیل.

## چکیده

حافظ شیرازی یکی از بزرگترین شاعران غزل‌سرای ادبیات فارسی تلقی می‌شود. شعر وی همواره مردم را مجذوب کرده و هر کس متناسب با روحیات خود از دنیای شعر این شاعر نازک خیال بهره برده است. دنیای پرکشمکش و وضعیت خاص ناشی از فشار سیاسی عصر حافظ با احساس نازک و زیبایی‌شناسی شاعر ترکیب شده و چنین گوهرهای شعری را برای بشریت به یادگار گذاشته است. افزون بر این که حافظ درباره‌ی دنیا و آخرت سخن گفته است، شعرش توأمان هم مایه‌های عارفانه‌ی اخروی و هم عاشقانه‌ی دنیوی را دربردارد. از آنجا که شعر حافظ از زمره‌ی شاهکارهای ادبی جهان قلمداد می‌شود، این شاعر بر بیشتر شاعران دنیا تأثیرگذار بوده و شاعران کردزبان نیز از این قاعده مستثنی نیستند. در این پژوهش سعی شده است تا غزل‌های ترجمه‌شده‌ی حافظ که توسط شاعر صاحب قلم کرد، عمر صالحی صاحب، کولیل، به زبان کردی برگردانده و در قالب دیوان *آبشار عشق (تاڤگه‌ی ئه‌وین)* منتشر شده است، در ترازوی بوطیقا بررسی شود. برای این کار نخست مطالبی درباره‌ی ترجمه و درستی و نادرستی ترجمه بیان شده، سپس ترجمه‌ی غزل‌های حافظ از نظر وزن، قافیه، زبان، بلاغت، هنجارگریزی شعری و تمام تکنیک‌هایی که شعریت و بوطیقای شعر را متعالی می‌کند، ارزشیابی شده و در پایان نیز نتایج پژوهش بیان شده است.

**واژگان کلیدی:** حافظ؛ ترجمه؛ ادبیت؛ هنجارگریزی شعری؛ کولیل.

۱. بنکەی ڕێکخستن و پەرەپێدانی پەروەردە، سلێمانی، کوردستانی عێراق
nazkurdy@yahoo.com
۲. بەرپرسی باڵای پەروەردەی ڕۆژهەڵات، سلێمانی، کوردستانی عێراق
sdiq.talani@yahoo.com

## ١ـ پێشەکی

وەرگێڕان بە دیاردەیەک لە دیاردەکانی هەڵس‌وکەوتی زمانەوانی لای مرۆڤ دادەنرێت. ئاڵوگۆڕکردنی هێماکانی زمانێکە بە زمانێکی دیکە. یان وەرگێڕان واتە «وەرگەڕاندنی دەقێك یان وتەیەك لە زمانی دەستپێکەوە بۆ زمانی مەبەست بە جۆرێ کە کاریگەری زمانی دەستپێك لە خوێنەر یان بیسەری زمانی دەستپێک بگوێزرێتەوە بۆ خوێنەر یان بیسەری زمانی مەبەست» (هاشمی، ٢٠١٧: ١). وەرگێڕان بریتییە لە شرۆڤەکردنی واتا یان لێکدانەوەی مانای دەقێک و پاشان بەرهەم‌هێنانی دەقێکی هاوتای ئەو دەقە لە زمانێکی دیکەدا؛ بە شێوەیەك کە هەمان پەیام و مەبەست بگەیەنێت. جا دەقەکە هەرچیک بێت؛ چونکە وەرگێڕانی ئەدەبی، «واتە وەرگێڕانی هەموو بەشە جیاوازەکانی ئەدەب. بە مانایەکی تر، وەرگێڕانی ئەدەبە بە هەموو جۆر و بەشەکانییەوە؛ شیعر، چیرۆک، شانۆ و هتد (عنانی، ٢٠٠٣: ٤). دەتوانین بە جۆرێک لە جۆرەکانی پەیوەندی و تیکەڵاویی نێوان نەتەوەکانیشی دابنێین؛ چونکە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە ئاشنا دەبن بە کەلتوور و ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی یەکتر و دەتوانن ئەزموون و تاقی‌کردنەوەکانیان ئاڵوگۆر پێ‌بکەن. بۆیە دەوترێت «چالاکییەکی مرۆییە لە بواری پەیوەندیدا، لە کۆمەڵە گرووپێکی وادا بەدی‌دەکرێت کە زمانی هەمەجۆر لە ئاخاوتندا بەکاردەهێنن و بیروبۆچوونی خۆیانی پێ ئاڵوگۆڕدەکەن» (خۆشناو، ٢٠١٨: ٧). وەرگێڕان هونەرێکی جوانە «واتای گواستنەوەی وشە و واتا و شێوازەکان دەگەیەنێت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر. دەبێ خوێنەری دەقە وەرگێڕدراوەکە هەست بە ڕوونیی دەقەکە بکات، هەر وەک چۆن خوێنەری زمانی سەرچاوە هەستی پێ‌دەکات» (خلوصی، ١٩٥٦: ١١). کەواتە، وەرگێڕان کارێکی سانا و ئاسان نییە؛ هونەرێکە و هیچی کەمتر نییە لە شیعر و چیرۆک‌نووسین. هونەرێکی بەرزە و توانا و بەهرەیەکی باشی پێویستە؛ داهێنانی دوای داهێنانە.

## ٢- ڕێگاکانی وەرگێڕان

کۆمەڵێک شێواز و ڕێگەی جیاواز و هەمەجۆر هەن بۆ وەرگێڕان کە بە هۆیەوە نووسەر دەتوانێت لە وەرگێڕانی دەقەکانیدا پەیڕەوی‌بکات. لێرەدا بەکورتی ئاماژە بە چەند ڕێگایەک دەکەین:

١- وەرگێڕانی وشەیی: ئەم ڕێگەیە کۆنترین ڕێگای وەرگێرانە کە وەرگێڕ هەموو وشەکانی دەقەکە بۆ زمانەکەی تر وەردەگێڕێت. لێرەدا وەرگێڕ جەخت‌دەکاتەوە سەر خودی وشەکە و دەگەڕێت مانایەکی تەواوی پڕبەپێستی خۆی بۆ بدۆزێتەوە؛ زۆر گوێ بە شێوازی گشتی ڕستەکە نادات. ئەمەش زیاتر بۆ وەرگێڕانی دەقە زانستی و هونەری و یاساییەکان دەگونجێت. بەم ڕێگەیە وەرگێڕ دەیەوێت هیچ لە دەقە ئەسڵییەکە دوورنەکەوێتەوە. بەڵام ئەم جۆرە ڕێگەیەش گرفتی خۆی هەیە؛ لەوانە، نەبوونی هاوواتای وشەکە لە زمانی بەرامبەردا، یان نەبوونی هاوواتا لە پێکهاتە زمانەوانی و پێکهاتە ڕێزمانییەکاندا لە نێوان هەر دوو زمانەکەدا.

٢- وەرگێڕانی واتایی: لێرەدا وەرگێڕ بایەخ بە مانا و بیر و هزرەکان دەدات. مەرج نییە ڕێک هاوواتای وشەیەکی دیاریکراو بدۆزێتەوە. لەوانەیە نەبوونیشی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبێت بۆ سەر دەقەکە؛ بە مەرجێک پارێزگاری لە دەقە سەرەکییەکە بکرێت و دەستکاری نەکرێت و ئەمانەتی زانستی بپارێزێت. بێ‌گومان بەم جۆرەش لە وەرگێڕان شێوازی پوخت‌کردنەوەی مانای

ڕسته و گوزارشت‌کردن لێی بەدەست‌دەهێنین. پێمان وایە لە هەموو ڕێگاکانی تر باشتر و بڵاوترە.

۳- وەرگێڕانی لێکدانەوەیی: ئەم جۆرەیان وەرگێڕ بۆ وەرگێڕانەکەی پشت بە ڕوون‌کردنەوە و لێکدانەوەی دەقە سەرەکییەکە دەبەستێت و هەوڵ‌دەدات زیاتر شی‌بکاتەوە. ئەمەش زیاتر لە وەرگێڕانی دەقە شیعرییە گران و قورسەکان یان مێژوویی و کۆنەکاندا جێبەجێ‌دەکرێت.

٤- وەرگێڕانی کورت و پوخت: لەم ڕێگەیەی وەرگێڕان، وەرگێڕ هەوڵ‌دەدات ئەو دەقەی دەیەوێت وەریبگێڕێت کورت و پوختی بکاتەوە؛ بەڵام بە مەرجێ مانا و ناوەڕۆکە سەرەکییەکەی ون نەبێت. هەندێ جار وەرگێڕ هەست‌دەکات، هەندێ بابەت و وردەکاری هەیە لە دەقە سەرەکییەکەدا زیادەن و پێویست ناکات خوێنەری پێوە سەرقاڵ‌بێت، بۆیە پەنا دەباتە بەر ئەم ڕێگەیە.

٥- وەرگێڕانی لاسایی‌کردنەوە و گواستنەوە: لەم شێوازەدا وەرگێڕ بیر و بۆچوون و هزرەکان لەگەڵ ئەو وێنانە دەگوێزێتەوە کە دەقە سەرەکییەکە لەخۆی‌دەگرێت؛ بۆیە، ئەم وەرگێڕانە بە پرۆسەیەکی گواستنەوە یان وەرگرتن دادەنرێت. بەزۆریش لە وەرگێڕانی دەقە شیعرییەکاندا پەیڕەوەدەکرێت؛ چونکە دەقی شیعری سیفات و تایبەتمەندیی جیاکاری لەخۆگرتووە؛ بۆیە پێویستی بەم جۆرەیە لە وەرگێڕان (عبدالله، ۱۹۸۹: ۱۵).

## ۲-۱- وەرگێڕانی شیعر

پرسی وەرگێڕانی شیعر لە پرسە هەرە دیار و گرنگەکانی وەرگێڕانە کە هەمیشە جێی قسە و باس و گفت‌وگۆ لەسەرکردنە. هەر لە کۆنەوە تا ئێستا ڕای جیاواز و هەمەجۆر هەیە لەسەر دروستی و نادروستی وەرگێڕانی شیعر. خەڵکانێک لە تەرجەمەی شیعر دەترسن، خەڵکێکی دیش دژ بە تەرجەمەی شیعرن و لایان وایە شیعر تەرجەمە ناکرێت. لەوانە نووسەرە کۆنەکان، هۆراس و جاحز، دژی وەرگێڕانی شیعر بوون. شیعر «نابێت وەربگێڕێت و نابێت بگوازرێتەوە، ئەگەر وەرگێڕا بۆ زمانێکی تر، ڕێکخستنەکەی تێکدەچێت و کێشەکەی بەتاڵ دەبێتەوە و جوانییەکەی نامێنێت» (جاحظ، ۱۹۹٦: ۷). لە نووسەرە نوێیەکانیش نموونەی یاکۆبسن کە پێی‌وایە «شیعر بە حوکمی پێناسە و خاسێتەکانی ناتوانرێت وەربگێڕێت و ناکرێت، مەگەر بە گواستنەوەیەکی خوڵقێنەرانە نەبێت» (عجینة، ۲۰۰۱: ۹۲).

ئەوەی جێی سەرنجە زۆربەی قوتابخانە ڕەخنەییەکانی سەدەی بیستەم، نموونەی زمانەوانی، بنیاتگەری و ... هەر یەکە و بە جۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ ڕا و بۆچوونی جاحزدا نزیک‌دەبنەوە؛ پێیان‌وایە کە شیعر وەرناگێڕیت و وەرگێڕانی شیعر پرۆسەیەکی مەحاڵە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، شیعر هەر وەردەگێڕێت و ڕۆژبەڕۆژ زیاددەکات و پەرەدەستێنێت. چونکە لە بەرامبەردا، کۆمەڵێک کەس هەن کە پێیان‌وایە هەرچەندە پرۆسەی وەرگێڕانی شیعر کارێکی قورس و گرانە، بەڵام ئەستەم و مەحاڵ نییە و دەتوانرێت بکرێت. هەرچەندە کارکردن تێیایدا سەختە؛ چونکە «ئەوەی لە وەرگێڕاندا بەهرەیە، ئەوەیە کە وەرگێڕانەکە بۆ زمانێکی تەواو جیاواز لە زمانی دەقەکە بکرێت، یاخود وەرگێڕانی هۆنراوەیەکی ئاڵۆز بێت، تەنانەت بۆ زمانێکی لێکچووش وەربگێڕدرێت» (ئەبوبەکر، ۲۰۱٦: ۱). ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە «پەخشان شێوازی ڕێکخراوی ئاخاوتنی سروشتییە؛ بە پێچەوانەی شیعر

کە بونیادێکی ئاڵۆزی هەیە» (ڕەزا، ۲۰۰۷: ۱۰٤). هەر لە بەر ئەم بونیادە ئاڵۆزەی شیعرە کە زۆرێك پێیان‌وایە تێکستی شیعری ناکرێت وەرگێڕانی بۆ بکرێت؛ بەو پێیەی کە پاراستنی شیعرییەت و کێش و سەروا زۆر ئەستەمە و زۆر جار وەرگێڕ بێ‌دەسەڵات لە بەرامبەریان دەوەستێت.

بەڵام بمانەوێت و نەمانەوێت، دەبێت وەرگێڕانی شیعر قبووڵ‌بکەین. هەموو ئەدەبێک پێویستی بە گەشەکردن و تازەکردنەوە هەیە؛ پێویستی بە کردنەوەی ئەدەبەکەی هەیە بە ڕووی جیهاندا و بە پێچەوانەشەوە دەیەوێت ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تر و ئەزموون و بەرەوپێش‌چوونەکانیان ببینێت. بێ‌گومان ئەمەش لە ڕێی وەرگێڕانەوە دەستمان‌دەکەوێت. وەرگێڕان هۆکاری سوودوەرگرتنە لە زانست و زانیاری پێشینەکان و پێکەوەگرێدانی شارستانییەتەکانە؛ پردی پەیوەندیی نێوانیانە و هەڵقەیەکە بۆ گەیاندنی کۆن و نوێ فەرهەنگ و کەلتووری جودای گەلانی دونیا. بۆیەش دەبینین «هیچ وەرچەرخانێکی گەورەی مێژوویی، هیچ شۆڕشێکی کەلتووری، سەرهەڵدانی هیچ شارستانییەتێك نەبووە لە دنیادا وەرگێڕانی کتێبێکی گرنگ یان چەند کتێبێکی گرنگ یان هەڵمەتێکی فراوانی وەرگێڕان پێشی نەکەوتبێ. لە سەرهەڵدانی ئاشوورەکان، سەردەمی زێڕینی ئیسلام، ژیانەوەی ئیتاڵی، شۆڕشی فەرەنسی و هتد» (ئایزێ، ۲۰۱٦: ۲).

ئەگەر وەرگێڕان نەبوایە شیعر وەک بەندییەک لە سنووری زمانەکەی خۆی بەندکراو دەبوو؛ وەکوو ئەوەی لە دوورگەیەکدا بژی و ئاگای لە جیهانی دەرەوە وکەسانی تر نەبێت. بۆیە، هیچ‌کات ئەدەبێکی کامڵ و تەواومان دەست‌ناکەوێت بەبێ وەرگێڕانی دەقە ئەدەبییەکانی زمانەکانی تر. وەک دەبینین، هەر لە کۆنەوە، لەگەڵ هەموو قۆناغەکانی بەرەوپێش‌چوونی شیعر، بزوتنەوەی وەرگێڕانیش لە جووڵە و گەشەکردندایە. هەندێ پێداویستیی سەرەکی هەیە بۆ داهێنەر و وەرگێڕ و ئەدەب و شارستانییەت کە وەرگێڕان پێیان دەبەخشێت؛ هیچ‌کات خوێندنەوە و داهێنان ناتوانێت بیانداتێ، ئەگەر لە وەرگێڕانی شیعردا سەرکەوتنێکی مەعنەوی و چێژێکی خۆش نەبەخشێت، بۆچی باشترین و مەزنترین شاعیر دێت شیعرێکی بیانی وەردەگێڕێت، لە کاتێکدا خۆی شاعیرە و دەتوانێت شاکارێکی شیعری بنووسێت. بەڵام لەوانەیە ئەو چێژەی لە وەرگێڕانی دەقێکدا دەبینێت، لە نووسینیدا نەیبینێت؛ جگە لەوەی دەتوانێت هەستە شاراوەکانی خۆی لە ڕێگەی وەرگێڕانی شیعری شاعیرێکەوە بە ئاسانی باس بکات. وەرگێڕان شنە و بای فەرهەنگی وڵاتێکی ترت بۆ دێنێ؛ وشە ڕووت و داماڵراوەکان دووبارە پۆشتە و ڕازاوە دەکاتەوە؛ ئەمە و چەندین ئامانج و هۆکار و مەبەستی تر هەیە کە شاعیر پەنا بۆ وەرگێڕان دەبات.

### ۲-۲- بنەماکانی وەرگێڕان

هەندێ لە نووسەران وشەی «هونەر» بە مانا گشتییەکەی بۆ بواری وەرگێڕان بەکاردەهێنن؛ هەندێکیش وەکوو زانستێکی ڕووت سەیری‌دەکەن. بەڵام وەرگێڕان نە زانستێکی ڕووت و سرفە، نە هونەرێکی تەواو؛ بەڵکوو هونەری پراکتیکییە؛ پێویستی بە شارەزایی و ڕاهێنان و بەردەوامی هەیە، لەگەڵ بوونی بەهرەیەکی سرووشتی؛ ئەمەش بەو مەبەستەی کە «وەرگێڕان هونەرێکی پراکتیکییە، کە سەرباری بوونی بەهرەیەک، پێویستی بە شارەزایی و ڕاهێنان هەیە» (عنانی، ۲۰۰۳: ۱٥). بە مانایەکی تر، زانینی هەر دوو زمانەکە بەس نییە بۆ ئەوەی وەرگێڕانێکی باش و گونجاو بەرهەم‌بێنین؛ بەڵکوو پێویستمان بە ڕاهێنان و گەشەپێدان دەبێت. ڕاستە بنچینەکانی وەرگێڕانیش بنەما و

تایبەتمەندیی هەیە، بەڵام مەرج نییە هەموویان بۆ هەموو دەقێک پێویست بێت، یان بە سەر هەموو دەقێکدا جێبەجی بکرێت؛ بۆیە وەرگێڕی ژیر و لێهاتوو ئەو هەنگاوانە دەگرێتەبەر کە بۆ وەرگێڕانی دەقێک پێویستن. دیارە شێواز و جۆری هەنگاوەکان ڕەنگە لای وەرگێڕەکان هەموو وەکوو یەک نەبن؛ بەڵام وەرگێڕی لێزان هەمیشە دەست بەو بنەمایانەوە دەگرێت کە لە پرۆسەی وەرگێڕاندا پشتیان پێ دەبەستێت. بەرجەستەکردنەوەی ئەو میتۆدەی کە دەبێت بنەماکانی وەرگێران لە پرۆسەی وەرگێڕاندا بەکاربهێنرێن یان بەدەستەوە بگیرێن؛ جا دەقەکە هەر چییەک بێت، ئەبێتە خاڵی ناسینەوەی جەوهەری وەرگێڕان و ناسنامەیە بۆ دەقی نوێ و وەرگێڕ. بەڵام ئەوەی لێرەدا جیاکارییەک دەخوڵقێنێت، خەیاڵە. لە دەقی ئەدەبی و بە تایبەتی دەقی شیعری، خەیاڵ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ناساندنی پەیام و مانا و ئاماژەکان؛ بۆیە لە سەر وەرگێڕ پێویستە شارەزایی باشی لەو بوارەدا هەبێت. ئێمە لێرە نامانەوێت مەرجی شاعیربوون بۆ وەرگێڕانی دەقێکی شیعری بکەینە پێش‌مەرج؛ بەڵام دەبێت ئەو مەعریفە و شارەزاییە لەسەر خەیاڵ و هارمۆنیای ناوەوەی شیعر و زمان لە ئاستێکدا بێت بتوانێت خۆی لە قەرەی شیعر بدات.

لە دەقێکی هزریدا وەرگێڕ تەنها مانا و ئاماژەکانی بۆ گرنگە؛ بەڵام لە دەقی خەیاڵ‌ئامێزدا ئیتر ئەرکەکە قورستر دەبێتەوە و بەرپرسیاریەتەکەش فراوانتر. نەبوونی ئەو شارەزاییە پێویستە لە خەیاڵ و هارمۆنیای مۆسیقا و زمان لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی کە دەقە ئەدەبییەکە لەناوبچێت. بۆیە، وا باشترە ئەوەی کاری وەرگێڕانی شیعر دەکات خۆی لە بنەڕەتدا شاعیر بێت؛ چونکە وەرگێڕی سەرکەوتوو تەنیا کاری وەرگێڕانێکی ڕووت و سادە و ساردوسڕ نییە؛ بەڵکوو ئەگەر نووسەر خولقێنەری یەکەمی تێکست بێت، ئەوە دەتوانین وەرگێڕ بە خەللاقی دووەمی دەقەکە دابنێین. هەر لەبەر بایەخی کاری وەرگێڕانە کە دەبێت وەرگێڕ وەك ئەوەی ئاتین دۆلە لە کتێبێکدا بەناوی *بنچینەکانی وەرگێران* ئەرکی وەرگێڕ دیاردەکات، کە دەبێ «وەرگێڕ بە باشی لە ناوەڕۆکی دەق و مەبەستی نووسەر تێبگات، زانیاریی زۆری لەسەر ئەو زمانەی دەیەوێ وەریبگێڕێ و ئەو زمانەی وەرگێرانی پێ دەکا هەبێ، کەڵک لە گەلێ شێوەی ئاخاوتنی باو وەربگرێ هتد» (علی، ۲۰۱۵: ۵۷). هەروەها جاحزیش بڕوای وایە کە دەبێت «توانای زەینیی وەرگێڕ دەبێ هاوشانی توانای زەینیی خاوەن‌بەرهەم بێ و دەبێ وەرگێڕ بەسەر هەر دوو زمانەکەدا بە یەك ڕادە زاڵ و شارەزا بێ» (۵۸)؛ چونکە کاتێك کە وەرگێران ئەنجامدەدرێت «دەبێ شارەزای کەلتوور، فەرهەنگ، فۆلکلۆر و ئیدیۆم و زمانی شەعبی ئاخێوەرانی زمانەکە بی، بۆ ئەوەی بتوانیت لە تەرجەمەدا بۆ زمانی دایك بەرامبەرەکەی بدۆزیتەوە» (فایەق، ۲۰۱۸: ۱).

وەرگێڕ کاتێک کار لە سەر تێکستێک دەکات، بەو مانایە لە هەوڵی داڕشتنەوەی دەقێکی نوێیە کە هەڵگری هەمان مانا و هێما و ئاماژەی دەقە ئەسڵییەکەیە. واتە، وەرگێڕ ئەبێت هەوڵبدات وێنەیەکی دروست و نزیک لە دەقە ئەسڵییەکە بدات بەدەستەوە و زیندوویەتیی دەقەکە نەفەوتێنێت و وردبینییەکی زۆر لە زمان و ڕەوانی و پاراوی بنوێنێت. زمان بەتەنها ناتوانێت خزمەتی وەرگێڕ و وەرگێران بکات؛ تەنیا زانینی زمانی کتێب یان تێکستەکە بۆ وەرگێڕانی، ئەوە ناگەیەنێت تۆ لە شتی تر بێ‌نیاز بیت. دەبێ لە بواری ئەو شیعرەی دەتەوێت وەریبگێڕیت، خۆت پڕ زانیاری بکەیت؛ دەبێ شارەزای کەلتوور، فەرهەنگ، فۆلکلۆر و ئیدیۆم و زمانی خەڵکی و ئاخێوەرانی زمانەکە بیت، بۆ ئەوەی

بتوانیت لە وەرگێڕان بۆ زمانی دایک، هاوواتاکەی یان بەرامبەرەکەی بدۆزیتەوە. بۆ نموونە، وەرگێڕ کە شیعرێک وەردەگێڕێت بۆ زمانی کوردی، دەبێ ڕەچاوی دەربڕینی کوردییانە بکات لە وەرگێڕاندا؛ دەبێ خۆی لە تەپوتۆزی ئەو زمانەی لێی وەرگێڕاوە داتەکێنیت و کاریگەرییەکانی لە سەر دابماڵێت؛ کەواتە، دەبێت بە داڕشتنی کوردییەوە، دەقە سەرەکییەکە نیشانی خوێنەرانی زمانی کوردی بدات. هەرچەندە هەندێ پێیانوایە دەبێت وەرگێڕ وشەکان دەقاودەق، وشەبەوشە وەکوو خۆی وەربگێڕێت و هیچ دەستکارییەکی نەکات؛ کە پێمانوایە ئەمەش وەرگێڕانێکی وشک و ساردوسڕ دەردەچێت.

## ٣- غەزەلە وەرگێڕدراوەکانی حافز لە تەرازووی شیعرییەتدا

### ٣-١- چەمک و زاراوەی شیعرییەت[١]

بۆ یەکەم جار ئەرستۆ لە کتێبی *پۆیتیکا*دا باسی لە ئەدگارە هونەرییەکانی دەق کرد، بەڵام وەک چەمک گۆڕانکاریی زۆری بەسەرداهاتووە. شیعرییەت «لای ئەرستۆ بە مانای داهێنان، لای یاکۆبسن هاوشێوەبوون، بە مانای لادانیش دێت لای جان کۆهن» (ناظم، ١٩٩٤: ١١). کەواتە، دەتوانین شیعرییەت بە یاسا و ڕێساکانی گوتاری ئەدەبی دابنێین یان ئەو پێوەرەی دەقێکی ئەدەبی لە دەقێکی نائەدەبی جیا دەکاتەوە، یان مەبەست لە شیعرییەت «مکیاژکردنی زمان و جوانیی دەقە» (کەریم، ٢٠١٥: ٥). کەواتە، بۆ ڕازاندنەوە و جوانکردن و دەرخستنی «وشە و دەستەواژە و پاشان ڕستە و تەواوی دەقەکە، لە ئەنجامی ئامادەبوونی زمانەوەیە، شیعرییەت وەک دەمارێک بە نێوانیاندا تێدەپەڕێ و دەق لە جوانییەکی سروشتی و ئاسایی خۆییەوە، بۆ دەقێکی داهێنراوی دەستی نووسەر دەچێ» (خۆشناو، ٢٠١٠: ٢٨). فۆرماڵیستەکان «هەوڵی تاکەکەسیی نووسەر دەکەن بە پێوەر بۆ بەشیعرییەتبوونی دەق؛ هەر ئەمەشە وای لە ڕیفاتیر کردووە لە چوارچێوەی شێوازەوە تایبەتمەندێتیی بەرهەمی ئەدەبی دەستنیشانبکات» (الطرابلسی، ١٩٨٨: ١١٦). بەگشتی، شیعرییەت زیندوویەتی بە دەق دەبەخشێت و ڕادەی چێژبەخشین بە خوێنەر زیاددەکات؛ شتی نوێ و چاوەڕواننەکراو دادەهێنێت؛ خەیاڵی داهێنەرانە دروست دەکات؛ لە ڕووی سینتاکسەوە پەیوەندیی نێوان ڕۆنانی سەرەوە و ژێرەوە تێکدەدا و جیاواز دەبن.

شیعرییەت بەرامبەر بەم چەمکە زاراوەکانی «الشعریـة، الانشائیة، الشاعریة، علم الادب، فن الابداع، هونەری شیعر، بویتیقا لە عەرەبیدا بەکاردێن» (ناظم، ١٩٩٤: ١٨). لە لای فارسەکانیش «بوتیقا، شاعیری، هونەری شیعری و [...] بەکاردەهێنرێت» (احمدی، ١٣٨٢: ٧٩). لە ناو کوردیشدا بەزۆری شیعرییەت بەکار دەهێنرێت. جان کۆهن (١٩٨٦: ١٢) چەند پێوەر و بنەمایەکی بۆ بەشیعرییەتبوونی دەق داناوە؛ گرنگترینیان بریتین لە هەر دوو ئاستی «دەنگسازی و دەلالی». کاتێک نووسەر گرنگیی بەم دوو ئاستە دا و بە شێوازێکی ئەدەبی و هونەری مامەڵەی لەگەڵ کردن، دەقەکە لە شێوازی ئاسایی دەردەچێت و شیعرییەت لەدایکدەبێت؛ وەک لەم خشتەیەی خوارەوە ڕوونی کردۆتەوە:

---

[١] Poetics.

| ڕەگەز | ئاستی دەنگسازی | ئاستی دەلالی |
|---|---|---|
| پەخشانەشیعر | - | + |
| پەخشانی مەنزووم | + | - |
| شیعری تەواو | + | + |
| پەخشانی تەواو | - | - |

### ۳-۲- شیعرییەت و وەرگێڕان

ئەگەر وەرگێڕان گۆڕان وگواستنەوەی دەقێکی دیاریکراو بێت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، ئەوا ئەم پڕۆسەیە بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ لەخۆوە ڕوونادات، بەڵکوو پێویستی بە کۆمەڵێک شت دەبێت و کۆمەڵێک گرفتیش دێتە ڕێی. هەر لە کۆنەوە پڕۆسەی وەرگێڕان جێگەی گفتوگۆ و مشتومڕی نووسەر و ڕەخنەگرەکان بووە. گرفتەکانیش، بەزۆری، لە دەوری وەرگێڕانی وشەیی، وەرگێڕانی سەربەست و ئازاددا بووە. کامیان دروست و گونجاوە بۆ پڕۆسەی وەرگێڕان، زمانەوانی هاوکارییەکی زۆری تیۆریی وەرگێڕانی کرد؛ بە جۆرێک کە زمانەوانەکان (فیدوروف، فینای، داربلنت) «وەرگێڕانیان بە بابەتێکی زمانیی ڕووت دادەنا و بەشێکە لە زانستی زمان و لێی جیانابێتەوە» (ادریس، ۲۰۰۸: ۳٤۹). بەڵام وەرگێڕە ئەدەبییەکان، لەوانە ئەدمونذکاری دژی ئەم بۆچوونە بوون؛ چونکە ئەوان وەرگێڕان بە هونەر دادەنێن، ناتوانرێت ببرێتەوە سەر لایەنە زانستییەکە و بەتایبەتیش شیکردنەوەی زمانەوانی و دەڵێت «وەرگێڕانی ئەدەبی، پڕۆسەیەکی زمانەوانی نییە، بەڵکوو پڕۆسەیەکی ئەدەبییە» (۳٤۹). دوایی جۆرج مونان وتی: وەرگێڕان زانستی زمانەوانییە. ئەوەشمان لە یاد نەچێت وەرگێڕانی ئەدەبی جیاوازە لە وەرگێڕانی هەواڵ یان بابەتێکی زانستی؛ چونکە زمان لێرەدا ئامراز و هۆکارێکە بۆ بەیەکگەیشتن؛ بەڵام لە دەقی ئەدەبیدا زۆر لەوە قووڵتر و فراوانترە، بەرەو داهێنان و خوڵقاندن دەچێت. بۆیە فورتوناو لە گفتوگۆیەکدا دەڵێت «بەرهەمی ئەدەبی پڕۆسەیەکی ئاڵۆزە؛ چونکە مانا دیارەکەی دەقە ئەدەبییەکە خوازەیە. لەویش گرنگتر دەرخستنی ئەو خوازەیەیە. هەموو ئەدەبێک خوازەیە. بەرهەمی ئەدەبیش دەقێکی کراوەیە؛ خوێندنەوە و لێکدانەوەی هەمەجۆر لە خۆ دەگرێت» (۳٥۰).

وەرگێڕ دەبێت ئەمانە لەبەرچاوبگرێت و بزانێت ئەرکی وەرگێڕ گرانترە لە ئەرکی نووسەر. وەرگێڕ بەرپرسە لە بیرۆکە و گواستنەوەی واتا و دووبارە داڕشتنەوەی، «بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ بابەت و بیرۆکەکەدا دەکات وەک لە دەقەکە، لەگەڵ واتادا زیاتر وەک لە واژەکان. ئەو دەگەڕێتەوە بۆ بابەتەکە و پیایدا دەچێتەوە و نموونەکانی دەگۆڕێت بە نموونەی تر. گوزارشت لە واتاکە دەکات بۆ نزیکخستنەوەی لە واتای دەقە سەرەکییەکە. ئەو واتایەی نووسەر مەبەستیەتی، وەرگێڕ لێرەدا لە پێشدا خوێنەر و دواییش نووسەرە» (حنفی، ۲۰۰۰: ۷۸). درک بە ئاڵۆزیی هەندێک دەق بکات، لەگەڵ ئەوەی جوانی و ئیستاتیکا بە دەقە ئەدەبییەکە دەدات، دەستکاری و یاریکردنە بە دەنگ و ڕیتم و جووڵەکان، خوڵقاندنی وێنەی خواستنی سەرنجڕاکێش و داڕشتنێکی زمانی تاک و جیاواز، کە هەموو ئەمانەش بەرەو ئیستاتیکای دەبات. لێرەوە هنری میشونیک دەڵێت «شیعرییەتی

وەرگێڕان، بەیەک گەیشتنی نێوان تیۆریی ئەدەب، کە لە فۆرمالیستە ڕووسەکانەوە هاتووە، و تیۆریی نووسین لە ناو نوێگەریدا بەدی دێنێت. شیعرییەتی وەرگێڕان تیۆری لە شارەزایی و بەردەوامی جیا ناکاتەوە؛ بەپێی کارلێکردنیان خۆی هەڵدەسەنگێنێت؛ وەیەکگرتنی وەرگێڕان و نووسین دەخاتەڕوو؛ وەرگێڕانی دەق بە زمان نەسەق پێناسە دەکات» (میشونیک، ٢٠٠٣: ٤٧). ئەوەی میشونیک زۆر جەختی لێدەکاتەوە، گرنگیدان بە خاسێتی شیعری و خاسێتی کۆمەڵایەتی وەرگێڕانە. داوا لە وەرگێڕەکان دەکات لەجیاتی ئەوەی خۆیان لە پشت دەقەکانەوە بشارنەوە، داهێنان بکەن با کارەکەیان پاشکۆی دەقە سەرەکییەکە نەبێت. ئەمەش بەو مانا نییە کە لە دەقە سەرەکییەکە یاخی بێت، بەڵکوو دەبێت هاوسەنگی ڕابگرێت. نابێت لادانێک یان حاڵەتێکی ناباو بخوڵقێنێت کە لە دەقە سەرەکییەکەدا بوونی نییە (٥٦).

لە بەرامبەردا ئەمبێرتۆ ئیکۆ-مان هەیە کە پێی وایە «بیرکردنەوە لە وەرگێڕان گرفتێکی ناوخۆییە پەیوەندیی بەو زمانەوە هەیە کە دەقەکەی بۆ وەردەگێڕیت؛ ئەو دەبێت بابەتە دەلالی و شێوازگەرییەکانی دێنە بەردەمی، چارەسەر بکات» (ایکو، ٢٠١٢: ٢٨٥). ئەویش باس لەوە دەکات نابێت دەقەکە وەرگێڕانێکی وشەیی بکرێت؛ زیاتر بایەخ بە شێوەی دەربڕین و گوزارشت بدرێت وەک لە بابەتە و ناوەڕۆکەکەی؛ گرنگی بە ڕێزمان بدرێت، بەڵام ڕۆشنبیری و کەلتووریش لەبیرنەکات؛ چونکە وەرگێڕان لە نێوان دوو زماندا نییە لە نێوان دوو کەلتووری جیاوازدایە. لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونانە وەرگێڕ دەبێت جێدەستی لە بەرهەمە وەرگێڕاوەکەدا دیار بێت. بەپێی پێویست گۆڕانکاری بکات. دەتوانێت دەقەکە بەپێی ڕۆشنبیری و کەلتووری زمانە وەرگێڕاوەکە بگۆڕێت و لەگەڵ ئەواندا بیگونجێنێت. ئەمانەش لادان دروستدەکەن و دواتر بەرەو شیعرییەت و بوتیقا دەچێت و جوانی بە دەقەکە دەدەن.

## ٣-٣- غەزەلە وەرگێڕدراوەکانی حافز لە تەرازووی شیعرییەتدا

حافزی شیرازی ئەستێرەیەک نەک لە سنووری وڵات و زێدی خۆیان، بەڵکوو لە ئاسمانی ئەدەبیاتی جیهانیدا دەدرەوشێتەوە. تیشکی ئەم درەوشانەوەیەش کورد و ئەدەبیات و خوێندنی حوجرەکانی کوردستانی گرتۆتەوە و لەم گەوهەرە بەنرخە بێبەشی نەکردووە. بەو پێیەی خوێندنی زمانی فارسی لە حوجرەکانی کوردستاندا دوای تەواوکردنی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر«د.خ» بایەخی پێدراوە و بەشێك بووە لە پرۆگرامی خوێندن تا «دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیا و پێکهاتنی حکوومەتی عێراق، لە کوردستانی عێراق خوێندنی فارسی باوی نەماوە» (صفوت، ٢٠١٧: ١١). بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندنی فارسی درێژەی هەبووە؛ هەر بۆیەش گوڵستانی سەعدی «یەکێ بووە لەو کتێبە بەنرخانەی هەر لە زووەوە لە ناو خەڵکی کوردستان باو بووە [...] وەرگێڕانی بۆ کوردی بە شێوەی ڕاستەوخۆ و زارەکی، نەك نووسین، هەر لە سەرەتاوە هەبووە» (گەردی، ٢٠١٢: ١٨). دیوانی حافزی شیرازیش لە سەردەمی خوێندنی کلاسیکی کوردیدا وەك پرۆگرامی خوێندن بایەخی پێدراوە و «ڕەنگدانەوە و کاریگەریی ئەم شیعرانە و ئەو بیرانەی حافز، وای کردووە پێگەی زمان و وێنەی شیعریی شاعیران، نەك هەر کلاسیکی کوردی، بەڵکوو شیعری نوێ و هاوچەرخیش بەو شێوە بەهێزە دروست بکات» (عەنەبی، ٢٠١٧: ١٨). ئەم کاریگەری و

گەورەییەی حافز لەخۆوە نییە؛ ئەگەر «ئاورێک لە شاعیرانی بەر لەو بدەینەوە، کە لە نێو مەلەوانانی دەریای هونەر و ئەدەبی ئێرانی وەکوو فیردەوسی، سەنایی، ئەنوەری و سەعدیدا بوونە، حافز چ موعجیزەیەکە و چەند سەختە» (حەقیقی، ۱۳۷۰: ۲۱). ئەم توانا و بەهرەیەی حافز بە جۆرێکە نووسەری ناوداری ئێرانی، عەلی دەشتی، لە وەسفیدا دەڵێت «حافز شیرازی نییە، خەڵکی زەویش نییە، کوڕی فڵان و باوکی فڵانیش نییە، ئەو کوڕی شیعرە پڕماناکان و نێوەرۆکە جوانەکانیەتی، ئەو باوکی زمان و زمانزانی و وێژەوانییە، ئەو پادشای بێ‌شەریکی مڵکی بیر و بەیانە، گیرفانی خاڵییە بەڵام کلووکلوو زێڕ و زەمبەر لە پێنووسی دەبارێ» (۲۰). بۆیە شیعری ئەو هەمیشە لە سەر دڵانە؛ هەر کەس بە گوێرەی ویست و خواستی خۆی بە نێو دنیای جوانی ئەم شاعیرە ناسک خەیاڵەدا گوزەر دەکات. ڕەنگە دنیای پڕکێشمەکێش و دۆخ و هەل‌ومەرجێکی تایبەت لە ئاڵ‌وگۆڕی دەسەڵاتی سیاسی ئەودەم کە حافز تێیدا ژیاوە و هەستی ناسک و جوانی‌ناسی شاعیر ئاوێتەی یەک بووبن و ئەم گەوهەرانەی بۆ ئێمە بەجێ‌هێشتووە.

هەر ئەمەش وای لێ‌کردووە کە «شیعرەکانی خواجەی شیراز وەرگێردراونەتە سەر دەیان زمانی زیندووی جیهان، بە زمانی کوردیشەوە. بەو شێوەیە سنووری ئێران و زمانی فارسییان تێپەڕاندووە و بەرەو ئەدەبی جیهانی و زمانە جیهانییەکان هەنگاویان هەڵگرتووە؛ ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەدیب و نووسەرانی جیهان گرنگییەکی گەورەی پێ‌بدەن» (کاکەیی، ۲۰۱۸: ۷). ئەم کاریگەرییە شاعیرانی کوردیشی گرتۆتەوە، کە تەنها ئەوە نەبووە سوود لە وێنە و هونەرە شیعرییەکانی حافز وەربگرن؛ بەڵکوو هەنگاوی ناوە بۆ وەرگێڕانی شیعرەکانی حافزی شیرازی. بۆ یەکەمجار لە ساڵی ۱۷۹۱ی زایینی لە لایەن ئاب جانی ئینگلیزی کە خاوەنی چاپخانەیەك بوو لە کەلکەتە، لە ژێر چاوەدێریی ئەبوو تالب خان، ئەدیبی هندی، و لە ڕووی نوسخەی دەستنووسی محەمەد گوڵەندام، کە دۆست و هاونشینی حافز بووە، لەچاپدرا (حەقیقی، ۱۳۷۰: ۲٦). دوای بەچاپ‌گەیاندنی ئەم دیوانەش، ئیدی هەوڵەکانی وەرگێڕان بەرفراوانتر دەستیان پێ‌کرد و ڕەنگە دیارترینیان هەوڵەکەی خانم گرترۆدبڵ-ی ئینگلیزی بێت کە لە ساڵی ۱۸۹۷ز بە وەرگێڕانی ٤٣ غەزەلی حافز بۆ سەر زمانەکەی خۆی، دنیای ئەدەبی بەریتانیای بەتەواوی شاد و سەرسوڕماو کرد (۲۷).

هۆنەر و وەرگێڕانی کوردیش ئەسپی خۆیان لەم مەیدانەدا تاو داوە؛ ڕەنگە دیارترینیان هەوڵەکانی شاعیران عەبباس حەقیقی و عومەر ساڵحی ساحێب (کۆلیل) بن. کارەکەی حەقیقی بریتییە لە وەرگێڕانی ۱۰۰ غەزەلی حافز و لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی *شەونم* لە ساڵی ۱۳۷۰ هەتاوی لە لایەن ناوەندی بڵاوکردنەوەی سەلاحەدینەوە چاپ‌کراوە. هەرچەندە ئاماژەنەکراوە، کە لەبەر کام چاپی دیوانی حافز کارەکە کراوە، بەڵام وەرگێڕ ئاماژە بە دەستپێکی هەنگاوانی بۆ ئەم کارە دەکات و دەڵێت «لە ناوەندی بڵاوکردنەوەی سەلاحەدینەوە داوایان‌لێ‌کردم دە غەزەل لە دیوانی حافز وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی تا لە کتێبی حافزی سی زمانەدا لەگەڵ زمانانی دیکە کەوێ» (حەقیقی، ۱۳۷۰: ۱). دوای ئەنجام‌دانی ئەم کارە، وەرگێڕانەکەی حەقیقی بۆ زمانی کوردی بە باشترینی وەرگێڕانەکانی ناو سی زمانەکە دیاری دەکرێت (عەلی، ۲۰۱۵: ٥٤). حەقیقی لەبارەی چۆنیەتیی وەرگێرانەکەیەوە دەڵێت «تەرجەمەکە زۆر بەرپرسیارانەیە، بەوپەڕی ئەمانەتەوە ئەو کارەم کردووە، لە خۆمەوە شتم لێ کەم یان زیاد نەکردووە و شەرحیشم نەکردووە. لە *شەرحی*

*سوودی* کەڵکم وەرگرتووە و ڕواڵەتی شیعرەکەم هەر لە سەر کێشی عەرووزی خۆی کردووە بە کوردی. دەستم لە ناوەڕۆک نەداوە؛ بەو مانایەی مەبەستی حافز لە شیعرە فارسییەکەدا چ بووە بێ کەم و کورتی لە تەرجەمەکەدا بەدی‌دەکرێ» (حەقیقی، ۱۳۷۰: ۲).

بێ‌گومان هەرچەندە لە ڕووی ئەمانەتی زانستییەوە ئەمە کارێکی باشە، بەڵام بە دیوێکی تردا، ڕێگەی داهێنانی وەرگێڕی تەسک‌کردۆتەوە؛ دەستی کەلەپچە و بیری سنووردار کردووە. بە ئەمەش، دەقەکە لە جوانی و شیعرییەت دوور دەکەوێتەوە، کە دواتر بەوردی لێی دەدوێین. هەرچی پەیوەستە بە کارەکەی کۆلیل، بریتییە لە وەرگێڕانی ٤٩٤ غەزەلی حافز کە «لەبەر چاپی عەللامە قەزوینی بە لێکدانەوەی دکتۆر خەلیل خەتیب ڕەهبەر لە ساڵی ۱۳٦۳ی هەتاوی لە چاپخانەی «سعید نو» ئەنجام دراوە» (کۆلیل، ۱۳۹۲: ۸). ئەم کارەی کۆلیل دوای ۲۲ ساڵ لە کارەکەی حقیقی ئەنجام دراوە و لە دووتوێی دیوانێکدا بە ناوی *تاڤگەی ئەوین* لە ساڵی ۱۳۹۲ی هەتاوی لە لایەنی زانستگای کوردستان لە سنە بڵاوکراوەتەوە. ئەم وەرگێڕانەی دووەم، مەیدانی کاری لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە. لە کۆی ئەو غەزەلانەش، ئێمە چوار غەزەلی «ئەلفی» و یەک غەزەلی«تاء»یمان وەرگرتووە و کارمان لە سەر کردووە؛ ئەوانیش:

اگر آن ترک شیرازی به دست آرد دل مـــا را
بـه خــال هـنـدوش بخشمــ سمرقنــد و بخـــارا را
کە بێت و شۆخی کورسانــی لـەگـەڵ ئەو دڵمەدا ڕابـــێ
سنە و سابڵاخ و سەقز قیمەتی خاڵـی ڕەشــی نابـــێ
(کۆلیل، ۳)

دل مــــی‌رود ز دستمــ صــاحـبـدلان خـــدا را
دردا کـــه راز پنـهـــان خـواهـــد شـــد آشکــــارا
دڵ دەردەچێ لە دەستمــ، دڵدارەکـــان چـــــارێ
هەی داد ڕازی دەردمــ دەڕوا بە هـــــەر دیــــارێ
(کۆلیل، ٥)

دوش از مسجـــد سوی میخـانـــه آمـــد پیـــر مـــا
چیست یـــاران طریقتــ بـعـــد از این تدبیـــر مـــا
چــوو لە مزگەوتۆ بەرەو مەیخانـــە دوێشەو پیــــرمـــان
چــۆنـە یـارانـــی تەریقـەت چـــارە و تـەدبیـــرمـــان
(کۆلیل، ۱۰)

ســـاقی بـه نـــور بـــاده برافـــروز جـــام مـــا
مطرب بگو کـه کـــار جهـــان شـــد بـه کـــام مـــا

ســـاقــی به شەوقی بـــادە هەنـاری کە جــامی مــە
موتریب هـەوا بگـۆڕە جەهــان بــوو بـەکـــامی مـــە
(کۆلیل، ۱۱)

در دیـــر مغـــان آمـــد یـــارم قدحـــی در دستـــ
مستـــ از مـــی و میخـــواران از نرگس مستش مستـــ
بـۆ دەیـری موغـــان هاتـۆ ســـاقی بـە شەڕابـــێ خـەس
ئەو مەس بە دەس و جامی، من مەس بە دوو چاوی مەس
(کۆلیل، ۲۷)

### ۳-۳-۱- شیعرییەتی غەزەلە وەرگێڕدراوەکانی حافز لە ئاستی ڕیتمدا

### شیعرییەتی ڕیتمی دەرەوە

ڕیتمی دەرەوە کێش و سەروا دەگرێتەوە. وەرگێڕی غەزەلەکانی حافز هەمان کێشی پەیڕەو کردووە لە کاتی وەرگێڕاندا؛ ئەویش کێشی عەروزە «لە سەر هەمان کێشی عەرووزی و وەزنی تایبەت بە هەر کام لە غەزەلەکان» (کۆلیل، ۱۳۹۲: ٤)، بۆ نموونە، ئەو پێنج غەزەلەی ئێمە دیاریمان کردووە، یەکەمیان، بەحری هەزەجی هەشتی تەواوە (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)؛ دووەمیان، بەحری موزاریعی هەشتی ئەخرەب (مفعول فاعلاتن مفعول فاعلاتن)؛ سێیەمیان، بەحری ڕەمەلی هەشتی مەحزووف (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)؛ چوارەمیان، بەحری موزارعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف (مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن) و پێنجەمیان، بەحری هەزەجی هەشتی ئەخرەبی موسبەغ (مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلان)ە. وەرگێڕیش هەمان کێشی شیعریی پەیڕەوکردووە لە کاتی وەرگێڕاندا. بەڵام بۆ سەروا، دەستکاریی سەرواکانی کردووە بەپێی گونجاندن و ڕێککەوتنی مانای وشەکان. بەپێی توانا و سەلیقەی خۆی سەرواکانی دروستکردووە؛ نەک بەو جۆرەی غەزەلەکە ئەلفی یان بائی بێت ئەمیش بە هەمان سەروا وەرگێڕانەکەی بۆ کردبێت؛ ئەمەی پەیڕەو نەکردووە. بۆ ئەو غەزەلانەشی کە سەرواکانیان یان بڵێین پاشسەرواکانیان یەک وشە و لە کۆتایی هەموو دێڕەکاندا هەمان وشە دووبارە دەبێتەوە، وەرگێڕ هەندێ کات هەمان شێوەی بەکارهێناوە؛ بۆ نموونە:

ســـاقــی بــە نـــور بـــادە برافـــروز جـــام مـــــا
مطرب بگو کـه کـــار جهـــان شـــد بـه کـــام مـــــا
ســـاقــی به شەوقی بـــادە هەنـاری کە جــامی مــە
موتریب هـەوا بگـۆڕە جەهــان بــوو بـەکـــامی مـــە
(کۆلیل، ۱۱)

هەموو دێڕەکانی غەزەلە فارسییەکە بە وشەی «ما» کۆتایی‌هاتووە. لە وەرگێڕانەکەشدا کۆلیل لە کۆتایی هەموو دێڕەکاندا وشەی «مە»ی داناوە. بەڵام، لە هەندێ غەزەلی تردا ئەمەی پەیڕەونەکردووە؛ بۆ نموونە لەم غەزەلەدا حافز وشەی «بکند» کردووە بە سەروا بۆ هەموو دێڕەکان، بەڵام کۆلیل هاتووە وشەی «دڵ»ی وەکوو سەروا بۆ هەموو دێڕەکان داناوە. وشەی «بکند»ی وەرنەگێڕاوە و نەیکردووە بە سەروای دێڕەکان. کاتێ حافز دەفەرموێت:

دلا بسوز کە سوز تو کارها بکند
نیاز نیم شبی دفع صد بلا بکند

دەروون بناڵە! کە هەر ناڵە کارەبایە لە دڵ
پلاری نێو شەوێ دەفعی سەد بەڵایە لە دڵ

(کۆلیل، ١٨٧)

**شیعرییەتی ڕیتمی ناوەوە**

ئەم ڕیتمە بنەمایەکی جێگیری نییە؛ چەندین دیاردە بەشداری لە دروستکردنی دەکەن،کە ڕۆڵی گرنگ و کاریگەریان دەبێت لە پێکهێنانی دەقدا؛ وەکوو ڕۆحی دەق وایە، هەنگاوە ڕێکخراو و سەرەتاکانی دەق دیاری‌دەکات. «مۆسیقایەکی نادیار و شاراوەیە، بە هۆی هەڵبژاردنی ئەو وشانەی کە شاعیر لە داڕشتنی دەقەکەدا بەکاریان‌دەهێنێت و ئەو گونجاندن و ڕێکەوتنەی لە نێوان پیت و وشە و هەڵبژێراوەکاندا هەیە پەیدادەبێت» (ضیف، ١٩٨٦: ٩٧). لە ڕەخنەی نوێدا بایەخێکی زۆر بە ڕیتم دراوە و ئەم گرنگی‌پێدانەش زیاتر بەرەو شیعر چووە؛ بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە ناو پەخشاندا بوونی نەبێت. وەک پێشتر وتمان، لە هەموو دەقێکی ئەدەبیدا بوونی هەیە،؛ بەڵام شێوە و جۆری دەقەکە و چۆنیەتیی شێوازی نووسەرەکە دەگۆڕێت. لە هەڵبژاردنی پیت و وشە و دەستەواژە و ڕێکخستنی جووڵە و بەرز و نزمی و ئاوازەیی و کپی دەگونجێنێت؛ ئەمەشە لە شیعر و شیعرییەت نزیکی دەکاتەوە. «ڕیتم یەکێکە لە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی شیعرییەت» (الضیع، ٢٠٠٣: ٣٣٣). ڕیتم تەنیا شتێکی سادە نییە و تەنیا دەرخستنی لایەنی جوانی بێت، بەڵکوو مەبەست و مانای لە پشتە. ئیحابەخشە، چەند یاسا و ڕێسایەک ڕۆڵیان هەیە لە ڕێکخستنی ڕیتمدا؛ دەقەکە دەخەنە حاڵەتی هەمەڕەنگەوە؛ گرژی و خاوبوونەوە، بەرز و نزمی، هێواشی و خاوی، هەموویان ڕۆڵی خۆیان دەبینن.

**شیعرییەتی دووبارەبوونەوە**

هەر لە کۆنەوە ئەم دیاردەیە وەک پەیڕەوێکی ڕیتمی ناوەوە لە شیعر و پەخشاندا دەبینرێت. مەبەست لێی دووبارەکردنەوەی «دەنگێک یان وشەیەک یان گرێیەک یان ڕستەیەکە لە ناو دەقێکی ئەدەبیدا واتە لە بچووکترین پێکهاتەی زمانەوە دەست پێدەکات بۆ گەورەترینیان، کە ڕستەیە» (سعید، ٢٠١٣: ١٥٦). نووسەر بە مەبەست و بە ئاگاییەوە ئەم کارە ئەنجام دەدات؛ هەرچەندە کەرەستە دووبارەبووەکان لە فۆرم و مانادا وەکوو یەکن، بەڵام نووسەر ئامانجی تری هەیە لە دووبارەکردنەوەیان؛ لەوانە، جەختکردنەوە و پێداگیری لە سەر بابەتێک یان شتێک، یان سەرنجڕاکێشانی خوێنەرە بۆ ئەوەی پەیامەکە زیاتر لە بیر و مێشکیدا بجەسپێت، یان بەهێزکردنی

وێنە شیعرییەکانە، یان جوانکاری و ئارایشتکردنی دەقەکەیە، یان بەخشینی مۆسیقایەکی جوانە بە دەقەکە، یان مەبەستی هەموو ئەوانە بێت کە باسمان کردن. دووبارەکردنەوە «ڕاچڵەکین و جووڵەیەکی چاوەڕواننەکراو بە خوێنەر دەدات؛ بۆیە دەبێت بە شێوازێکی جوان و ڕێکوپێک بێت، تا خوێنەر بوروژێنێت و سەرسام و خۆشحاڵی بکات؛ ئەمەش خۆی لە خۆیدا لادانە» (۱۵۸). بۆیە، چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دووبارەکردنەوە، کە بەرزیی ئاستی لادان و پلەی شیعرییەت و جوانکاری دەقەکە دەردەخات، بێگومان یەکێکە لە هۆکارەکانی بنیاتنانی ڕیتم. دووبارەبونەوەش «لە بنچینەدا هاوشێوەبوونی پێکهاتەی وشە و ڕستە و دەربڕینەکانە و ڕەنگدانەوەی ماکی داهێنانی هونەرییە، کە دواجار خۆی لە چوارچێوەی زاراوەی شیعرییەت دەبینێتەوە» (خۆشناو، ۲۰۱۰: ۹۰). ڕێگاکانی «هاوشێوەبوون=التماثل»ی ڕۆمان یاکۆبسن و «لادان=الانزیاح»ی جان کۆهن، ڕوونترین ڕێگان بۆ دەستنیشانکردنی بنەماکانی شیعرییەت. ئێمەش لێرەدا باس لە هەندێکیان دەکەین.

*دووبارەبوونەوەی دەنگ*

ئەمەش بە چەند جۆر و شێوەیەک دەردەکەوێت؛ زۆر جار دەنگی یەکەمی وشەکان هاوشێوەن، یان دەنگی کۆتاییان؛ هەندێ جاریش پشت بە هاوشێوەبوونی بڕگەکانیش دەبەستین؛ واتە، هاوشێوەبوونەکە لە دەنگێ زیاترە. ئەم ڕێکخستن و ڕیزکردنە، بەم جۆرە لە لایەن وەرگێڕەوە بە مەبەست دەکرێت، هونەرمەندی و دەستڕەنگینی و توانای وەرگێڕ دەردەخەن.

سـورووشێ دوێنەشەو فەرمـووی دەبێ ئەسرینـی کۆلیلت

لە نێـــو پۆلی پەری، بەرمـووری ملوانکـــەی کچی شابــێ

(کۆلیل، ۳)

دووبارەبوونەوەی دەنگی «ی» لە کۆتایی زۆربەی وشەکان و دەنگی «ێ» لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەکان، جۆرە سەروایەکی دروستکردووە، کە خوێنەر هەست بە لەزەتی خوێندنەوە و ئاواز و ڕیتمێک دەکات.

کە بێت و شۆخی کورسانـــی لـەگـەڵ ئەو دڵمەدا ڕابـــێ

سنە و سابڵاخ و سەقز قیمەتی خاڵــی ڕەشـــی نابـــێ

(کۆلیل، ۳)

وەرگێڕ لە دووبارەکردنەوەی دەنگی «س» لە وشەکاندا، بەتایبەتی لە سەرەتای وشەدا، ئامانج و مەبەستێکی هەیە؛ چونکە نووسەری غەزەلەکە ناوی ئەو سێ شارەی نەهێناوە. ئەمە لە داهێنان و بیرۆکەی وەرگێڕە، ئەویش ناوی ئەو شارانەی هەڵبژاردووە کە بەدەنگی «س» دەستپێدەکەن. بەمە ئاواز و ڕیتمێکی جوانی بە غەزەلەکە داوە و ئاستی جوانکاری و بنیاتی شیعرییەتی تۆختر کردۆتەوە.

دڵ دەردەچێ لە دەستمـــــ، دڵدارەکـــــان چـــــارێ

هەی داد ڕازی دەردمـــ دەڕوا بە هــــــەر دیـــــــارێ

(کۆلیل، ۵)

دووبارەبوونەوەی دەنگی (د) لە سەرەتا و کۆتایی زۆربەی وشەکاندا، وا لە خوێنەر دەکات کە لە یەکەم وشەدا ئەو دەنگە دەبیستێت و لە هزریدا تۆمار دەبێت. پاشان دووبارە لە وشەیەکی تردا بەر گوێی دەکەوێتەوە و خوێنەر یا بیسەر هەست بە هاوشێوەبوون دەکات. لێرەدا ڕیتمێکی خۆش و ئاوازێکی مۆسیقایی بە دەقەکە دەبەخشێت. ئنجا ئەگەر بێتو لە کۆتایی وشەکانیشدا دیسان هەست بە هاوشێوەبوون بکەنەوە، بێ گومان توانا و بەهێزیی ڕیتمەکە کاریگەرتر دەبێت؛ ئەمەش ئەو کارەیە کە وەرگێڕ لێرەدا کردوویەتی، کە ئاستی جوانکاری و شیعرییەتی غەزەلەکەی بەهێزتر کردووە. لە ڕێی بڵاوبوونەوەی ئەم دەنگە بە سەر دێڕەکەدا، خوێنەر دەهەژێنێت و سەرنجی ڕادەکێشێت.

«کۆلیل» شـــەو شوکـــور چـــوو، ئالای خـــۆر شـــەکـــاوە

تـــا شێخـــی شـــەوپەرەستـــان ڕســـوا بکـــا لـــە شـــارێ

(کۆلیل، ٥)

ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین بە شێوازێکی ڕێکخراو دەنگی «ش» لە نیوەدێڕی یەکەم و دووەمدا لە سەرەتای وشەکاندا دووبارەبۆتەوە، سێ جار لە هەر یەکێکیاندا؛ بەمەش، جووڵەیەکی مۆسیقی و ڕیتمێکی جوان بە غەزەلەکە دەبەخشێت.

تـا سەحـەر «کۆلیل» دوێشەو هەر لە فیکـــری زوڵفی بـــوو

ڕۆژی ڕوون کاتـــێ وەدەرکـــەو کوڵمـــی کەفتـەو بیـرمـــــان

(کۆلیل، ١٠)

دووبارەکردنەوەی دەنگەکانی «ر، ڕ، ک»، بەتایبەتی لە نیوە دێڕی دووەمدا، ڕیتمێکی جوان و ئاوازێکی خۆشی پێ بەخشیوە و کەشێکی پڕ شیعرییەت دەخوڵقێنن.

بـۆ دەیـری موغـــــان هاتـۆ ســـــاقی بـە شەڕابـێ خـەس

ئەو مەس بە دەس و جامی، من مەس بە دوو چـاوی مەس

(کۆلیل، ٢٧)

یەکێک لە دێڕە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی وەرگێڕ،کە توانای بەرز و داهێنانی پیشان دەدات، ئەم دێڕەیە. سەرتاپای ڕیتم و ئاوازە؛ جووڵە و لەرەیەکی خۆشیبەخش بڵاودەکاتەوە. دووبارەبوونەوەی دەنگەکانی «س، م» ئەو سمفۆنیایەی دروستکردووە، کە خوێنەر دەهەژێنێت و سەرسامی دەکات؛ ئەمەش دەیگەیەنێتە ئاستی شیعرییەت و بوتیقا.

*دووبارەبوونەوەی وشە*

دووبارەبوونەوەی وشە زۆر فراوانتر و کاریگەرترە لە دووبارەبوونەوەی دەنگ؛ چونکە لەگەڵ هەموو دووبارەبوونەوەیەکی وشەدا، دووبارەبوونەوەی دەنگی لە خۆگرتووە. ئەمەش ڕیتمێکی خۆشتر و بەهایەکی بەرزتر دەخوڵقێنن؛ وێنەیەکی هونەریی جوانە، دەستڕەنگینی و خەیاڵفراوانیی نووسەر پیشاندەدەن.

ڕزگـــاری هـــەر دووعالـــەم دووخاڵـــە مەشقـــی ژینـــی
بـۆ یـــاری خۆشەویستی، ڕێ چـــوون لـەگـــەڵ نـەیـــارێ
جامـــی جەهـــانـنوێن هـــەر جامـــی شەرابـــە بـــڕوا!
تـاکـــــوو بزانـــــی دارا موحـتـاجـــــە بـــۆ سـەنـــارێ
(کۆلیل، ۵)

عەقڵ گـــەر دەیبوو خەبەر چەن خۆشـە بۆ دڵ داوی شـــەو
عـــاقڵان دێوانـــە بـــوون بـــۆ بـەنـــدی دڵ زەنـجـیـــرمان
(کۆلیل، ۱۰)

ئەمـــان لەم خـۆش‌سەدا شۆخانە، لەم غارەتگەرانەی دڵ!
لـە تورکـی چـاویـان بـاوەڕمـەکـەن دڵ سفرەشـی مابـێ
(کۆلیل، ۳)

دووبارەکرنەوەی وشەی «دوو» لە دێڕی یەکەمدا و «جامی» لە دێڕی دووەمدا و «دڵ» لە دێڕی سێیەمدا، لە دێڕی چوارەمیشدا «لەم، دڵ» دووبارەکردۆتەوە. وەرگێڕ مەبەستی تەنیا جەخت‌کردنەوە و دڵنیایی نییە، بەڵکوو پەیوەندیی بە تەکنیک و جوانکاری و سەرنج‌ڕاکێشانی خوێنەرەوە هەیە. وەرگێڕ دەیەوێت دەلالەتەکانی مەبەست و ئیحا لە ناو دەقەکەدا چڕبکاتەوە و بە شیعرییەت بیانرازێنێتەوە؛ ئەمەش جۆرێکە لە لادان. تەنانەت لە دێڕی سێیەمدا، کە ئاماژە بە وشەی «دڵ» کراوە، لە غەزەلە فارسییەکەدا شاعیر یەکجار وشەی «دڵ»ی بە کار هێناوە؛ واتە وەرگێڕان و لاسایی‌کردنەوەی ئەو نییە.

حەققـە نییـــە بێـــژم هـەن هـــۆشێ لـە سەرم، خـــۆ نین
یـــا خـــۆ نییـــە بێـــژم نین بـــۆ ئـەو نـــەزەرم، خـــۆ هـــەس
(کۆلیل، ۲۷)

لەم دێڕەدا، وەرگێڕ وشەکانی (نییە، نین) دووبارەکردۆتەوە؛ بە جۆرێک کە لە هەر دوو نیوەدێڕەکەدا وەکوو شێوازی بەرامبەری دروست‌کردووە، کە وشە دووبارەکراوەکان بەرامبەر یەکن، جوانی و جۆرێک لە لادانی دروست‌کردووە. ڕیتم و ئاوازێکی ناوازەی بە دێڕەکە بەخشیوە، کە لە قسەی ئاسایی و باو دووری‌دەخاتەوە و بەرەو شیعرییەت و بوتیقای بردووە.

دیـومـانـــــــە ئێمـــــە بـەژنـــی دەلالـــی لــــە بـــا دەدا
ئـەی بێخـەبـــەر لـە تـامـــی شـەرابـــی مـودامـــی مـــە
لامـ وایـە مـن کـــــە ڕۆژی جـــــەزا هـــــەر وەکـــــوو یـەکن
نـانـــــی حـەڵاڵـــی شـێـخ و شـەرابـــی حـەرامـــی مـــە
(کۆلیل، ۱۱)

جێناوە لکاوەکان شوێنی جێناوە سەربەخۆکان دەگرنەوە. بە مانایەکی تر، کە جێناوە لکاوەکان هەبن، پێویست بە دانانی جێناوە سەربەخۆکان ناکات. لە دیالێکتی کوردی ناوەڕاستدا ئەگەر هاتو دانرا، ئەوە مەبەست لە سووربوون و جەختکردن لە واتاکەی دەردەخەن. لێرەوە حاڵەتێکی ناباو دروستدەکات؛ ئەمەش لادانە لە شێوە ئاساییەکە؛ بەرەو شیعرییەتی دەبات، وەک لە غەزەلەکانی سەرەوەدا دیارە.

## شیعرییەتی ڕەگەزدۆزی

ناتوانرێت باس لە ڕیتمی ناوەوەی دەق بکرێت بێ ئەوەی تیشک نەخرێتە سەر ڕەگەزدۆزی؛ چونکە پەیوەندیی تەواوی بە ئاواز و مۆسیقای دەقەکەوە توندوتۆڵ و بەهێزە، ئەوپەڕی هاوسەنگیی دەنگی دێنێتەکایەوە. ڕەگەزدۆزی، واتە «کاتێک دوو وشە لە ڕوخساردا وەک یەک بن و بە ئەندازەی موویەک جیاوازییان نەبێت؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێ. ئەمە پێی دەگوترێ ڕەگەزدۆزی تەواو» (گەردی، ١٩٧٥: ٢٢). خۆ ئەگەر دوو وشەکە «لە ڕووی ڕواڵەتەوە تەواو وەک یەک نەبن، واتە وشەکان لە ڕووی ژمارەی پیت، جۆری پیت، شێوەی پیت، ڕیزبوونی پیت جیاواز بوون، پێی دەوترێت ڕەگەزدۆزی ناتەواو» (مستەفا، ٢٠١١: ٢٣٢). ئێمە لێرەدا ئاماژەمان بەو ڕەگەزدۆزییانە کردووە کە وەرگێڕ خۆی دایهێناوە؛ واتە، لە دەقە سەرەکییەکەدا ئەو وشە ڕەگەزدۆزییانە بوونیان نییە. چونکە هەندێ ڕەگەزدۆزی تر دەبینین، کە ڕێک وەرگێڕانی وشەییە، لە فارسییەکەوە وەرگیراوە؛ ئەوانە باس ناکەین.

دە ساقـــی جامـــی باقـــی بێنــە! فیردەوسی بەرین ڕەنگە
قەراخـــی حـەوزی بۆکـــان و سەکـــۆی مزگەوت و میرزابێ
(کۆلیل، ٣)

عومـــری لـە نـــۆ دەبـەخـشـن شۆخـانـــی کـــوردەواری
مـەیگێـــــڕ! بێـــژە سۆفـــی ئۆفـــی درۆ وەشـــــــارێ
(کۆلیل، ٥)

وشەکانی «ساقی، باقی»، هەروەها وشەکانی «سۆفی، ئۆفی» ڕەگەزدۆزی ناتەواوە لە جۆری پیتەکانە. لێرەدا ڕەگەزدۆزی دەبێتە کەرەستەیەکی بەسوود بۆ شیعرییەت. بە مانایەکی تر، بۆ ئەوەی ئاستی شیعرییەت بەرز بێتەوە، بۆ جوانکردنی دەربڕین و بەخشینی چێژێک بە دەقەکە، شیعرییەت سوود لە ڕەگەزدۆزی وەردەگرێت؛ چونکە لە یاسا و نۆرمی ئاسایی لایداوە و سەرباری ئەو مۆسیقا و ڕیتمەی دروستیکردووە.

## ٣-٣-٢- شیعرییەتی غەزەلە وەرگێڕدراوەکانی حافز لە ئاستی پێکهاتەییدا

ئاستی پێکهاتەیی ئاستێکی سەرەکییە و هەموو بەش و ئاستەکانی تری زمان پێکەوە دەبەستێتەوە. بەو پێیەی شیعرییەتی زمان و پێکهاتەکەی لە هەر تێکستێکی ئەدەبیدا پەیوەستە بە چۆنیەتیی بنیاتنانی زمانێکی تایبەت لە پێکهاتە و ڕستە و دەستەواژە کە لە زمانی ئاسایی و ڕۆژانە دووربکەوێتەوە. لێرەوە ڕادەی لادان و پاڵاوتەبوونی زمان دەبێتە بنچینەیەکی سەلمێنراو و ڕادەی

شیعرییەت و بەرهەمهێنانی لە پانتایی دەق و تێکستدا، لادان لە پەیوەندییە ڕێزمانییەکان، تێکشکاندنی شێوازی ڕیزبوونی کەرەستەکان، یاریکردن و جێگۆڕکێپێکردنیان، تا سەرنجی خوێنەر ڕابکێشن و شتێکی نوێی ناباو دروستبکەن. بە مانایەکی تر، لادان لەم بەشەدا لە سەر بنەمای هەڵبژاردن و ڕێکخستنی وشە و یەکە زمانییە هەڵبژێردراوەکانە لەگەڵ یەکدا، ئەوەی یاکۆبسن بە تەوەری «جێنشینی» و «هاونشینی» ناوی هێناون؛ بەم لادانەش بەرەو شیعرییەت و بوتیقای دەبات. لادانەکان لەم ئاستەدا زۆرن. ئێمەش بەپێی ئەو غەزەلانەی دیاریمانکردووە و کەرەستەن بۆ لێکۆڵینەوەکەمان بەم جۆرە دیارییاندەکەین:

## شیعرییەتی وشەی ناوچەیی (شێوەزار)

شێوەزار و زمانی ناوچەیی، بەراورد بە زمانی نووسین یان زمانی ستاندارد، هەندێ لادانی تێدایە لە ئاستەکانی زماندا. ئەم گۆڕانکاری و لادانەش، زۆر جار دەبێتە هۆی دروستبوونی هاوسەروا. ئەمەش هاوسەنگی و هاوئاوازی لە دەربڕین و دەقەکەدا دروستدەکات، یان وەکوو کەرەستەیەکی چاوەڕواننەکراو دێتە پێشەوە، لە ناکاو خوێنەر دەوەستێنێت و سەرنجی ڕادەکێشێت. هەروەها بەپێی هاوکێشەی «وشەکانی ناو دەقێکی شێوەزاری-ناوچەیی-ڕێژەیی کار بۆ ئاوەڵناو زیاددەکەن؛ بەم شێوەیە پلەی شیعرییەت لە چاو دەقێکی خاوەن زمانی نووسین بەرزدەبێتەوە» (مصلح، ١٩٨٤: ٦٥). وشەی ناوچەیی و سەرزاری خەڵکی لە وشە فەرهەنگییە کۆنە سواوە دووبارەکراوەکان دەمانپارێزێت، گیانێکی نوێ بە شیعرەکە دەدات، خوێنەر سەرسام دەبێت، شتێکی چاوەڕواننەکراو دێتە بەردەستی کە لادانە لە شێوازە باوەکە؛ ئەمەش ئامانجی شیعرییەتە.

وەرگێڕی غەزەلەکانی حافز، زۆر بە وریایی و زیرەکانە کاری لەسەر ئەمە کردووە؛ زۆر جوان و بەباشی لە کات و شوێنی خۆیدا وشەی ناوچەیی بەکارهێناوە؛ نەک تەنها هی ناوچەیەک، بەڵکوو هی زۆربەی ناوچەکانی بەکارهێناوە. وەک خۆی دەڵێت، «تا جێگایەك ڕێگەم بووبێت هەوڵم داوە بۆ ئەم وەرگێڕانە لە هەموو زاراوەکانی کوردی کەڵك وەربگرم؛ چونکە لە شیعری کلاسیکدا زۆر جار ڕێدەکەوێ بە هۆی کێش و ڕەدیف و قافیە و پاشبەند و ئەم جۆرە شتانە، شاعیر نەتوانێ وشەی دڵخواز و یەکگرتووانەتر بەکاربێنێ» (کۆلیل، ١٣٩٢: ٦). لێرەدا غەزەلەکانمان نووسیوە و هێڵمان بە ژێر وشە ناوچەییەکان (شێوەزاری) هێناوە. وەک دەبینین جوانییەکی تایبەت و مۆرکێکی کوردیی پێبەخشیون؛ بەم بەکارهێنانە لادان و داهێنانی کردووە. توانای وەرگێڕمان بۆ دەردەکەوێت، کە تەنها وەرگێڕانێکی وشەیی ڕووتی بۆ غەزەلەکان نەکردووە؛ بەڵکوو دەستکاری کردووە تا ئەو ڕادەیەی پێویست بکات و بەو مەرجەی واتا و دەلالەتە سەرەکییەکەی غەزەلە فارسییەکە لەدەست نەدات.

غـــەزەل وەک دوڕ دەهۆنیتۆ ســەدا هەڵبێنە سا حـــافـز!
خــەڵاتی ئـــەم هەوایەتــ ملوەنــی خـــاتوو ســـورەییا بێ
(کۆلیل، ٣)

عومــری لـە نـــۆ دەبـەخـشـن شۆخـانــی کـــوردەواری
مـەیگـێـــڕ! بێـــژە سـۆفـــی ئـۆفـــی درۆ وەشـــــارێ
(کۆلیل، ٥)

چـــوو لە مزگەوتۆ بەرەو مەیخانـــە دوێشەو پیـــرمـــان
چـــۆنـە یـارانـــی تەریقـەت چـــارە و تـەدبیـــرمـــان
ئێمــە دەرویشـان چلـۆن ڕوو کەینـە خانوی قیبلـە، تـــا
ڕوو لە ماڵـــی مـــەی فرۆشن حەزرەتی دەسگیرمـــان
تیـری ناخـی ئێمە گـەردون پێکـە حافـز وس بـە ســا
هۆشـی خۆتت بـێ! کـە نەتپێکـێ کـــەوان و تیرمـــان
(کۆلیل،١٠)

بـۆ دەیـری موغـــان هاتـۆ ســاقی بـە شەڕابـێ خـەس
ئەو مەس بە دەس و جامی، من مەس بە دوو چاوی مەس
حەققمـ نیـیـە پێـژم هـەن هـۆشێ لـە سەرم، خـۆ نین
یـــا خـۆنیـیـە پێـژم نین بـۆ ئەو نـەزەرم، خـۆ هـەس
پێـرۆ کـە هەتـا پێتـۆ «حـافـز» تەمەنـی، هەرچـەن
تیرێ لـە کەمـان دەرچـوو نایێتـەوە بـۆ هـەر کـەس
ئـەی جەرگـی هەمـوو عالـەم لـەتلـەت بـە برۆی تیژت
کـــۆلیـل لـە بـەرچـاوی بـازی بـەزەییتـا چـەس؟!
(کۆلیل، ٢٧)

**شیعرییەتی پاش و پێش خستن و تێکدانی ڕۆنانی باوی ڕستە**

واتە ئاڵوگۆڕکردنی یاسای ڕێکخستن و ڕیزبوونی کەرەستەکانی ناو ڕستە؛ لەوانە، وەک ئەوەی کار پێش بکەر دێت، یان کە ناو و ئاوەڵناو پێکەوە دێن. هاتنی ئاوەڵناو پێش ناوەکە، یان لە کرمانجی ناوەڕاستدا گۆڕینی شوێنی جێناوەکان، یان پێشخستنی نیشانەی نەرێکردن و دواخستنی ناوە نەرێکراوەکە، کە ئەمانە هەمووی لادانە لە یاسا ڕێزمانییە باوەکە. جان کۆهن ئەو لادانانەی لە ئەنجامی پاش و پێش خستنەوە ڕوودەدەن، ناو ناوە «لادانی ڕێزمانی» (کوهن، ١٩٨٦: ١٧٩). کەواتە، پاش و پێش خستن پەیوەندییەکی بەهێزی بە یاسای ڕێزمانەوە هەیە و دیاردەی لادان دەخوڵقێنێت، چونکە شتێکی نوێ و ناباوی دروستکردووە. نووسەر ئەمەش بە مەبەست دەکات، ئامانجێکی هەیە، لەوانە، بۆ جەختکردنەوە، زەقکردنەوە، بەلووتکەکردن، سەرنجڕاکێشانی خوێنەر و سەرسامکردنی، پاراستنی کێش بێت، یان گونجاندنی سەروا بێت،کە هەموویان بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرەو شیعرییەتی دەبات.

گـــەردون دە ڕۆژە مـەیلـــی، فێـڵ و فـریـــوە کـــاری
دەرفەتـ دەچـــێ لـــە دەستت لایـــێ کـــەرۆ لـــە زارێ
(کۆلیل، ٥)

«دەچێ» لە نیوەدێڕی دووەمدا کارە، کە بەپێی ڕۆنان و یاسای ڕێزمان دەبوایە لە دواوە بهاتایە، بەڵام وەرگێڕ لە پێش تەواوکەرە بە یاریدەکەوە دایناوە، کە دەبوو بەم جۆرە بوایە «دەرفەت لەدەستت دەچێ»، بەڵام کارەکەی زەق کردۆتەوە و پێشی خستووە. بەمەش لادانێکی ڕێزمانی خوڵقاندووە و شیعرییەتی بەرهەمهێناوە.

ئەو تـــام تـاڵـــە سۆفـــی دەیوت حــەرامـــە، مەیخـــۆ

شیرین پتــر لـــە زارا تـــا ماچـــی گـــوڵعـــوزارێ (کۆلیل، ۵)

دەستەواژەی «شیرین پتر لە زارا» خۆی لە خۆیدا شتێکی نوێیە؛ داڕشتنێکی جیاواز و ناوازەیە. لە ڕووی ڕیزمانیشەوە پاش و پێش بە کەرەستەکان کراوە. ئێمە دەڵێین پتر شیرین، نەک شیرین پتر؛ ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە، تەواوکەرەکە دواکەوتووە؛ ئێمە دەڵێین لە زارا پتر شیرینە. بۆیە نووسەر لێرەدا لادانێکی ڕێزمانیی سەرنجڕاکێشی ئەنجام داوە؛ لێکترازانێکی دروستکردووە کە بەرەو شیعرییەت و بوتیقای شیعریمان دەبات.

پەرژین لــە مەرگـــە ئـەو کـەســـە عەشقـــی لـــە دڵ ژیـــا

تـۆمـــارە نــــاوی ئێـمـــە  لـە سینگـــی مـەرامـــی مـــە (کۆلیل، ۱۱)

«تۆمارە» کە پێش کەوتووە، لادانە لە یاسای ڕێزمانی. دەبوایە ڕیزکردنەکە بەم جۆرە بێت: «ناوی ئێمە تۆمارە»؛ بەڵام نووسەر بۆ دەرخستن و بەلووتکەکردنی کارەکە پێشی خستووە، کە ئەمە بە لای خوێنەرەوە شتێکی نوێ و چاوەڕواننەکراوە، سەرنجی ڕادەکێشێت و چێژی لێ دەبینێت:

یـــادم بڵـــێ لـەبـــەر چییـــە عـەمـــدەن دەبەی لـــە بیـــر

ئـەو کـاتـــە دێ نـەدەیـتـــەوە هـەرگـیـــز وەڵامـــی  مـــە (کۆلیل، ۱۱)

لە نیوەدێڕی یەکەمدا، بە جۆرێک کەرەستەکانی داناوە، هەر ڕێکخستنە باوە بڵاوەکەی کەرەستەکانی تێکداوە، کە دەبوو بەم جۆرە بوایە: بڵێ لەبەر چییە یادم عەمدەن لەبیردەبەی. ئەم جووڵەکردنە بە دالەکانی ناو ڕستەکە، شێوەیەکی نوێ لە بونیادی پێکهاتەدا بەرجەستە دەبێت و هەست و بیری خوێنەر ڕادەکێشیت؛ لادانە لە شێوازە باوەکەی ڕێزمان، کە شیعرییەت دەخوڵقێنیت.

## زیادکردنی دێڕێک بۆ غەزەلەکان

وەرگێڕ لە کۆتایی هەر غەزەلێکدا دێڕێکی بۆ غەزەلەکە زیادکردووە لە سەر هەمان کێش و سەرواى غەزەلەکە، هەڵگری یان بڵێین تەواوکەری هەمان مانا و پەیامی غەزەلەکەشە. لە هەر یەکێک لەو دێڕانەشدا ناوی خۆی یان نازناوەکەی نووسیوە؛ دیارە بۆ ئەوەی بزانرێت ئەو دێڕە هی ئەوە پەیامی خۆی و هەستی ناو دڵی لە ڕێی ئەو دێڕانەوە دەربڕیوە. ئەمەش کارێکی ئاسان و سانا نییە، کە بتوانیت لە کۆتایی هەموو غەزەلێک دێڕیک بەو جۆر و شێوە بنووسیت؛ بەڵگەی توانا و لێهاتووی وەرگێڕ و شارەزاییەتی لە بوارەکانی وەرگێڕان و شیعرییەت؛ بۆ نموونە:

گوڵشـەنـی ڕازی ئێـوەیـە مەحـمـــوودە بـــۆ هـەیـــاس

کـۆلیـلـی ڕەمـــزی دیـدەتـــە ژێـــر و نـەفـــامـــی مـــە

(کۆلیل، ١١)

### ٣-٣-٣- شیعرییەتی غەزەلە وەرگێڕدراوەکانی حافز لە ئاستی واتاییدا

لەم ئاستەدا، بەرەو ناوەرۆک و چەقی دەق دەچین، کە دیوی واتایە. هەرچەندە ئەم ئاستانە تەواوکەری یەکترن و پەیوەندییان پێکەوە هەیە، بۆیە کە باسی کەرەستەکانی ئاستی ڕیتمی ناوەوە دەکەین، دەبنە کەرەستە بۆ بنیاتی دەلالی. بە مانایەکی تر، دووبارەکردنەوە و ڕەگەزدۆزی، چۆن شیعرییەتی شێوازی ڕیتمیان تێدایە، بە هەمان جۆریش واتای قووڵیان لەخۆگرتووە. چڕبوونەوە و خەستکردنەوەی واتای دەق بە هۆی وێنەی هونەری فرە دەلالەت و فرە ڕەهەندەوە، بەهێزی و کاریگەریی ئەم ئاستە پیشان‌دەدات. هیچ شیعرێک نییە بێ وێنەی شیعری بخولقێت؛ جوانی و ئیستاتیکا بە شیعرەکە دەدات. وێنە توانا هونەرییەکانی نووسەر پیشان‌دەدات، وێنە پلەی داهێنانی نووسەر دەردەخات، ڕەنگدانەوەی هەست و ئەندێشەی نووسەرە. وێنەیە دەتوانێت خوێنەر بۆ خۆی ڕابکێشێت، هەست بکات سەیری تابلۆیەکی هونەری دەکات. وەرگێڕ زۆربەی هونەرە ڕەوانبێژییەکانی لە وەرگێڕانی غەزەلەکاندا مەزراندووە (تەوزیف‌کردووە). لێرەدا باس لە هەندێک لەو هونەرانە دەکەین و چۆنیەتیی مەزراندنیان ڕوون‌دەکەینەوە.

### وێنەی لێکچواندن و خواستن

لێکچواندن کۆنترین جۆری هونەری ڕوونبێژییە. مەبەست لێک‌نزیک‌کردنەوەی دوو شتە کە تایبەتمەندییەکانیان لە یەکەوە نزیک بێت. لێکچواندن بریتییە لە «چواندنی شتێک بە شتێکی دیکەوە لەبەر هەبوونی سیفەتێک، یان زیاتر لە سیفەتێکی هاوبەش لە نێوان هەر دوو شتدا» (مستەفا، ٢٠١١: ١١٨). بەڵام بە ڕوویەکی تردا، نائاسایی و لێکدووری سیفەت و خاسێتی کەرەستە لێکچووەکان، شیعرییەت و بەرزبوونەوەی ئاستی هونەری و جوانکاری بە دەقەکە دەبەخشێت. خوێنەر چاوەڕێی ئەو لێکچواندنە نەبووە، وێنەیەکی خەیاڵی نوێ لە دید و خەیاڵی خوێنەردا دروست‌دەکات. ئەمە زیندوویەتی بە دەق و چالاکبوونی پێ‌دەبەخشێت. ئەم هونەرە و هونەری خواستن یەکێکن لەو هونەرانەی لە کاتی وەرگێڕاندا گرفت و کێشەی زۆر بۆ وەرگێڕ دروست‌دەکەن. هەندێک دەڵێن دەبێت ڕاستەوخۆ لێکچواندن یان خواستنەکە وەکوو خۆی وەربگێڕێت؛ چونکە درێژەپێدەرێکی مەعنەوییە، بۆیە ڕاستەوخۆ بۆ زمانی دووەم بە هەمان مانا و کولتوور و دەربڕینەوە. هەندێکی تر پێیان وایە دەبێت وەرگێڕ بەپێی کەلتوور و ڕۆشنبیری نەتەوەکە لێکچواندن و خواستنەکە بگۆڕێت. بە ڕای نایدا ونیومارک ناتوانرێت هیچ لێکچواندن و خواستنێک ڕاستەوخۆ و بێ دەستکاری وەربگێڕێت (حراصی، ١٩٩٥: ١٢٣). بە مانایەکی تر، وەرگێڕ هەر دەبێت دەستکاری لێکچواندن یان خواستنەکە بکات لە ڕووی زمانەوانییەوە بێت یان ڕۆشنبیری یان هەر جۆرە ڕێکخستن و گۆڕانکارییەکی تر. بۆ نموونە، وەرگێڕ دەتوانێت «وێنەی هونەری لێکچواندن بگۆڕێت بۆ خواستن یان بە پێچەوانەوە، یان هەر خۆی لە دەستەواژە و دەربڕینێک خواستن دروستبکات» (حراصی، ١٩٩٥: ١٢٣). ئەمانە هەمووی دەبێت و گونجاوە. ئەمانەش لادانی

شیعری دروستدەکەن و شیعرییەت و بوتیقا دەخوڵقێنن. کۆلیل-ی وەرگێڕیش لە چەند شوێنێکدا لەو جۆرە لێکچواندن و خواستننانەی خوڵقاندووە؛ لەوانە:

غـزل گفتی و در سفتی، بیـا و خـوش بخـوان حـافظ
کـه بـر نظمـ تـو افشـانـد فلک عقـد ثـریـا را

غـەزەل وەک دوڕ دەهۆنیتۆ سـەدا هەڵبێنە سا حـافز!
خـەڵاتی ئـەم هەوایەتـ ملوەنـی خـاتوو سـورەییا بێ
(کۆلیل، ۱۱)

حافز بە شێوەی خواستن، باس لەوە دەکات غەزەلەکانی دوڕ و گەوهەرن؛ بەڵام وەرگێڕ بە هونەری لێکچواندن ئەو مەبەست و پەیامەی وەرگێڕاوە، ئەوەتا ئامرازی «وەک»ی بەکارهێناوە؛ کەواتە هونەرەکەی گۆڕیوە.

**وێنەی ڕەمزی**

پەرژین لـە مەرگـە ئەو کـەسـە عەشقـی لـە دڵ ژیـا
تـۆمـارە نـاوی ئێـمـە لـە سینگـی مـەرامـی مـە
(کۆلیل، ۱۱)

«پەرژین لە مەرگە»، ڕەمزە بۆ نەمری و جاویدانی. شاعیر «هرگز نمیرد»ی بەکارهێناوە؛ وەرگێڕیش دەیتوانی بنووسێت «هەرگیز نامرێ»؛ بەڵام بە شێوەی ڕەمز یان جۆرێک لە درکە، کە ئاماژەیە بۆ ئەو نەمرییە؛ بەمەش جوانی بە وەرگێڕان و غەزەلەکە داوە و لادانی خوڵقاندووە و پلەی شیعرییەتی بەرز کردۆتەوە.

عومـری لـە نـۆ دەبەخشـن شۆخانـی کـوردەواری
مـەیگێـڕ! بێـژە سۆفـی ئۆفـی درۆ وەشـاری
(کۆلیل، ۵)

کە بێت و شۆخی کورسانـی لـەگـەڵ ئەو دڵمەدا ڕابـێ
سنە و سابڵاخ و سەقز قیمەتی خاڵـی ڕەشـی نابـێ
(کۆلیل، ۳)

وەرگێڕ «شۆخانی کوردەواری» لەجیاتی «خوبان پارسی» داناوە. وەکوو ئاماژەیەک بۆ جوانی و بەخشینی گیان پێیان، ناوی هێناون. وەرگێڕ هاتووە بەپێی کەلتوور و ڕۆشنبیری کۆمەڵی کوردەواری، غەزەلەکەی وەرگێڕاوە؛ بۆیە لادانێکی واتایی کردووە؛ دەستەواژەکەی گۆڕیوە؛ شۆخانی کوردەواری تەمەنێکی نوێ دەبەخشن. هەروەها لە دێڕی دواتردا «شۆخی کورسانی» لەجیاتی «ترک شیرازی» داناوە و «سنە و سابڵاخ و سەقز» لە شوێنی «سمرقند و بخارا». کەواتە، وەرگێڕ تەنیا دەلالەتی دەستەواژەکانی وەرگرتووە، کە بزانێ نیشانە و ڕەمزن بۆ چ شتێ؛ دواتر نموونەی وای هێناوە لەگەڵ کەلتوور و ڕۆشنبیریی کۆمەڵی کوردەواری بگونجێت. ئەمەش توانا و لێهاتوویی

وەرگێڕ دەردەخات، بێ ئەوەی لە جوانی غەزەلەکە کەم بکاتەوە؛ بگرە جوانییەکی تایبەتی پێبەخشیوە و ئاستی شیعرییەتی غەزەلەکەی بەرزکردۆتەوە.

**٤- ئەنجام**

کۆلیل-ی وەرگێڕ لە ناو ئاسمانی هونەری و پایەکانی وەرگێڕاندا توانیویەتی سیمایەکی جوان و چێژبەخش و پڕشیعرییەت بە وەرگێڕانەکەی بدات. خۆی لە وەرگێڕانی وشەیی ڕووت و ساردوسڕ دزیوەتەوە. بەگشتی، مانا و دەلالەتی وشەکانی وەرگرتووە و بە وشەی ڕازاوەی کوردی دایڕشتۆتەوە. وەرگێڕ بایەخێکی زۆری بە ڕیتمی ناوەوە داوە، لە ڕێی دووبارەبوونەوە و ڕەگەزدۆزییەوە؛ بە مەبەست وشەی ئاوازدار و هاوسەروای خوڵقاندووە؛ ئەمەش ڕەهەندێکی جوانکاری و مۆسیقایەکی سەرەنجڕاکێشی بە غەزەلەکان بەخشیوە و بەرەو شیعرییەتی بردووە. لە کۆتاییی هەر غەزەلێکدا دێڕەشیعرێکی خۆی بۆ زیاد کردووە لە سەر هەمان کێش و سەروا؛ لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە تەواوکەری پەیامی حافزی شاعیر و هەڵگری مەبەست و ئامانجی وەرگێڕە. لە ئاستی پێکهاتەییدا، لە ڕێی پاش و پێش خستن و بەکارهێنانی وشەی ناوچەیی و شێوەزاری جیاواز، لادانی شیعری دروستکردووە. بەمەش، ئاستی شیعرییەت و بوتیقای غەزەلە وەرگێڕدراوەکە بەرزبۆتەوە. گرنگی بە لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کەلتووری داوە؛ لە کاتی وەرگێڕاندا ئەم لایەنانەی بەهەند وەرگرتووە؛ بۆیە بەپێی پێویست، وێنە و ڕەمزەکانی گۆڕیوە، دەلالەت و ڕەمزی وێنە هونەرییەکانی وەرگرتووە و دەستکاری کردووە؛ بە جۆرێک لەگەڵ کەلتوور و ڕۆشنبیریی گەلی کورد و کۆمەڵی کوردەواری بگونجێت.

## سەرچاوەکان

### کوردی:


ئەحمەد، ڕەزا (۲۰۰۷). *هونەری شیعرنووسین*. سلێمانی: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.

حەقیقی، عەبباس (۱۳۸۷). *شەونم: وەرگێڕانی سەد غەزەلی حافز*. سنە: بڵاوکردنەوەی کوردستان.

خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا (۲۰۱۸). *زمانەوانی کارەکی*. هەولێر: ناوەندی ئاودێر.

خۆشناو، هێمن عومەر (۲۰۱۰). *شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی*. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

سەعید، ناز ئەحمەد (۲۰۱۳). *لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا*. سلێمانی: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

علی، سدیق ئەوڕەحمان (۲۰۱۵). *حەقیقی شاعیر: ژیان و بەرهەمی*. زانکۆی سلێمانی.

عەنەبی، ئەکرەم (۲۰۱۷). *مەحرەمی ڕاز: شەرحی غەزەلیاتی حافز*. سلێمانی: دەزگای ئایدیا.

گەردی، عەزیز (۱۹۷۵). *ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا: جوانکاری*. هەولێر: چاپخانەی شارەوانی.

مستەفا، ئیدریس عەبدوڵلا (۲۰۱۱). *لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا*. هەولێر: ئەکادیمیا.

---. (۲۰۰۳) *جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا*. سلێمانی: دەزگای سەردەم.


### فارسی:


احمدی، بابک (۱۳۸۲). *ساختار و تأویل متن*. تهران: نشر مرکز، چ ٦.


### عەرەبی:


ادریس، سامیه (۲۰۰۸). «جامعه مولود معمری بتنیزی وزو». مجله *الخطاب*. العدد ۳، المجلد ۱۰، الجزائر.

اسماعیل، عزالدین (۱۹۷۲). *الادب و فنونه*. القاهرة: دارالفکر العربی.

ایکو، امبرتو. (۲۰۱۲). *ان نقول الشیء نفسه تقریبا*. ت: احمد الصمعی. بیروت: مرکز دراسات الوحده العربیه.

جاحظ (۱۹۹٦). *الحیوان*. بیروت: دارالجیل.

حنفی،حسن (۲۰۰۰). *من النقل الی الابداع*. القاهره: دارقباء.

خلوصی، صفاء (۱۹٥٦). *فن الترجمه فی ضوء الدراسات المقارنه*. بغداد: وزاره التربیه و الاعلام.

الطربلسی، محمد الهادی (۱۹۸۸). *بحوث فی النص الادبی*. تونس: الدار العربیة للکتاب.

عجينه، محمد (٢٠٠١). *الترجمه الادبيه*. رحاب المعرفه.

نانى، محمد (٢٠٠٣). *الترجمه الادبيه بين النظريه و التطبيق*.

كوهن، جان (١٩٨٦). *بنيه اللغه الشعريه*. ت: محمد الولى و محمد العمرى. المغرب: دار توبقال.

مصلح، سعد (١٩٨٤). *الاسلوب دراسة الغوية احصائية*. القاهرة: دارالفكر العربى.

ناظم، حسن (١٩٩٤). *مفاهيم الشعرية*. بيروت: المركز الثقافى العربى.